مەزڕوم عەبدی فەرماندەی هێزەکانی سووریای دیموکرات پێشوازی لە نوێنەری مەسعود بارزانی سەرکی پارتی دەکات

فەرماندەی گشتیی هێزەکانی سووریای دیموکرات-هێسدە، مەزڕوم عەبدی پێشوازی لە حەمید دەربەندی نوێنەری مەسعود بارزانی کرد.

فەرماندەی گشتی هێزەکانی سووریای دیموکرات پێشوازی لە نوێنەری سەرکی پارتی دیموکراتی کوردستان حەمید دەربەندی کرد، لە کۆبوونەوەیەکدا دوایین پێشهاتەکانی گەلپانی کوردی و ناوچەکە تاوتوێکران.

لە کۆبوونەوەکەدا کە ئەڤە دووشەممە بەڕێوەچوو، نوێنەری مەسعود بارزانی جەختی لەسەر گرنگی یەکخستنی ڕیزەکانی کورد و بەهێزکردنی هاوکاری هاوبەش کردووە بە هووبەووبوونەوەی دەخی ئێستای سووریا.

لای خۆیەوە فەرماندەی گشتی هێزەکانی سووریای دیموکرات، ژێنەرال مەزڕوم عەبدی سوپاسگوزاری خۆی بۆ پەیام و پشتیوانی بارزانی دەربڕی و جەختی لەوە کردەوە کە قەناغی ئێستا پێویستی بە هەوڵی هاوبەش هەیە لەنێوان سەرجەم لایەنە کوردییەکاندا بۆ بەدیهێنانی سەقامگیری و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد.